www.kurdistannet.org
1-2-2006 12:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لەبەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا لەشاری دەنهـــاغ ...
## فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا

هەروەکو لەڕاگەینراوی پێشوودا ئاگادارمان کردنەوە، حکومەتی هۆڵەنداش سیاسەتی دژی پەنابەری خۆی توونددترکردۆتەوە وبڕیاری گێڕانەوەی پەنابەرانی کورد وعێراقی داوە. ئەوە بوو پۆلیسی شاری (ئاینهۆڤن) بەنیازبوو بەزۆری زیندان پەنجەمۆری (ڤیان ڕەئوف) وەربگرێت بۆ گێڕانەوەی بۆ کوردستان. ژمارەیەکی زۆرتریشی لەپەنابەران خستۆتە سەرجادە.
فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا بۆ پشتیوانی لەم خێزانە، وە لەپێناوی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەم سیاسەتە، وهەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری بەزۆر ناردنەوەیان بۆ کوردستان، خۆپیشاندانێك سازدەکات بۆ بەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا لەشاری دەنهـــاغ ڕۆژی چوارشەممە 8-2-2006کاتژمێر 13:00.
بانگەوازی تەواوی پەنابەران وجالیەی کورد وعێراقی وتەواوی ئازادیخوازانی هۆڵەنداش دەکەین، بەشداری لەم خۆپیشاندانەدا بکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شارستانی دەنگی ناڕەزایەتی خۆمان بگەیەنین بەڕای گشتی هۆڵەندا وجیهان، هەتا حکومەتی هۆڵەندا ناچاربکەین دەست لەم سیاسەتە دژی پەنابەریەی هەڵگرێت ومافی پەنابەری بۆ (ڤیان) وخیزانەکەی وسەرجەم پەنابەرانی عێراقی بەڕەسمی بناسێت.

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا
2006-1-31

تێبینی: کاتژمێر 12:00 لەبەردەم سەنترالْ ستاشیۆن لەشاری دەنهـــاغ کۆدەبینەوە و پاشان بەڕێپێوان دەچین بۆ بەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە (حەمەغەفـور) ەوە:
تەلەفۆن: 0626730602
ئیمایل: mgafor@yahoo. com
یا بە (ئارام ئەحمەد) ەوە تەلەفۆن: 0628707157